# بۆچی ژن جەستەی خۆی دەکاتە خۆراکی ئاگر

کەژاڵ ئیسماعیل
kazal7@hotmail.com

کێشەکانی ناو کۆمەڵگا کە دەبنە هۆی ڕوودانی دیاردەی دزێو و کارەساتی دڵتەزێن و ترسناك زۆرن. هەریەك لەو کێشانەش هۆکارێکی تایبەتییان هەیە کە دەبنە هۆی دروست بوون و بەرجەستەکردنیان لەناو کۆمەڵدا. بەڵام هیچ کام لەو کارەساتانە هێندەی کارەساتی خۆسووتاندنی کچان دڵتەزێنتر نییەکە پاکیزەو جەستەی خۆیان دەکەنە خۆراکی ئاگر و، دەبنەقوربانی دیاردە دزێو وناشارستانییەکانیکۆمەڵگە.

کام لە ئێمە هەست بە نیگەرانی ناکات و تەزوویەکی پڕ لە ترس و پەژارەسەرتاپای جەستەی داناگرێت کاتێك هەواڵی کوشتنی ژنێك یان خۆسووتاندنی کچێك دەبیستێ کە لە ئەنجامی زوڵم و زۆریی خێزان و نابەرابەریی و غەدری کۆمەڵگادا دەبنە قوربانی! بێگومان ئەوەش لاوازترین توانا و دەسەڵاتی مرۆڤە لە بەردەم رووبەڕوو بوونەوەی واقیعدا. ژن کە وەك نیوەی کۆمەڵ و هەڵگری زۆرینەی سیفەتەجوانەکانە و بێگومان بەشێکە لەکۆمەڵگەیەکی خاوەن سەدان ساڵ مێژووی وەك کۆمەڵگەی کوردەواری، بەداخەوە تاوەکو ئێستا جێگەی شیاو و گونجاوی خۆی نەدراوەتێ و، چەشنی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت و هەمیشە بەچاوی کەمترو لاوازتر لە پیاو تەماشا دەکرێت. وەك پرنسیپێکی جیاواز لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و خاوەن شارستانییەکاندا کە ژن رێزو تایبەتمەندی خۆی هەیە، تەنانەت لەواتای ناولێنانی ژن و پیاودا بەشی زۆری ئەفزەلی و گەورەیی دەدرێتە پاڵ پیاو، گوایە«پیاو» واتە مرۆڤ یا ئینسان کە بەمانای گەورەو بەهێزو خاوەن دەسەڵات لێکدراوەتەوە! کەچی وشەی «ژن» بەواتای کەسێکی بێ تواناو بێ هێز و هەندێ جاریش، بەشتێکی کەم نرخ و سووك دانراوە و.

ئەمەش وا دەردەخات کە ژن کەمترو لاوازتر لە پیاو تەماشا کراوە. لەبەرانبەردا، هەمیشە کاروپیشەی باش دراوەتەپاڵ پیاو و، پیشەو کاری کەم بایەخ و لاواز دراوەتە پاڵ ژن. دیارە، ئەمە خۆی دەبێتە سەرەتایی ترین نابەرابەری ژن و پیاو لەکۆمەڵدا. چونکەهەر لەسەرەتای ناولێنانیانەوە، هەمیشەزەبرو زەنگ و نابەرابەریی بەرچاو لە ئاستیاندا پەیڕەو دەکرێت، ژن وەك ئامێرێك یا کەرەسەیەك لەقەڵەم دەدرێت و لەدوای پیاوەوە بەپلەی دووەم دادەنرێت و، هەموو ئەفزەلی و گەورەیی و لایەنی ئیجابی هەر بۆ پیاو لەبەرچاودەگیرێت. لەحاڵێکدا ژنیش هەروەك پیاو مرۆڤەو، چۆن بە سەربەستی دێتە دونیا، شانبەشانی پیاو کار و چالاکی دەنوێنێت، خاوەنی بیرو ڕاو بۆچوونی خۆیەتی، هەرئاواش دەبێ لە ئازادی و مافەکانیدا وێڕای پیاو سەربەست و یەکسان بێ. هەروەك ئاشکرایە، لە کۆمەڵگای ئێمەدامافەکانی ژن وەها پێشێل کراون و بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو زوڵم و زۆریی لەژن دەکرێت، چەشنە قەیرانێکی گەورەو توند لە بواری توانا و بەهرەکانیدا هاتۆتەئاراوە کە لەبری دەربازبوون و دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی شیاو و گونجاو، بەرەو ڕەوت و

کولتوورێکی هەڵەی هەڵدەدێرێت کەبەخۆسووتاندن و خۆکوشتن وا نیشان بدات کە یەکسانی و بەرابەرێتی لە کۆمەڵگەدا دەستەبەر بکات.
بەداخەوە، لەکۆمەڵگایەکی خاوەن مێژووی وەك کۆمەڵگەی کوردیدا، وشەی ئازادی وسەربەستی بۆ ژنان بەهەڵە لێکدراوەتەوە. کۆمەڵ پێی وایە ژن بۆی نییە ئازاد بێت و ئازادی، ژن بەرەو هەتلەبوون لەژیان دەبات، چون لەڕوانگەی کۆمەلگاوەژن کەسێکی بیر تەسك و کەم ئەقڵە! وشەی ئازادی هەمیشەدراوەتە پاڵ لایەنی ئەخلاقی کە ئەمە هیچ پەیوەندی لەگەڵ ئەخلاقدا نییە. ئازادی گەلێك لایەن دەگرێتەوە کەمروڤ پێویستە تێیاندا سەربەست بێت وەك: ئازادیی ژیان، هەڵسوکەوت و جووڵە، خوێندن، کارکردن، ڕادەربڕین، دیاریکردنی دواڕۆژ و چارەنووس، دەربڕینی بەهرە و توانا، هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەرێتی، ئازادی فیکری و سیاسی.. ئەمانەوچەندین لایەنیدیکەش کەتایبەتن بەخودیمرۆڤەوە.
ئایا ژن مرۆڤ نییە و پێویستی بە دەستەبەرکردنی هەر یەك لەو ئازادییانە نییە؟! لەکۆمەڵگایەکی پاتریکاڵی وەك کوردەواریدا کە لەزۆربەی هەرە زۆری بەشەکانیدا پابەندە بە ئایینی ئیسلامەوە، هەمیشە باوکسالاری(پیاومەزنیی) چەشنی دابونەریت و کولتوورێکی زاڵ کە لەئایینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە،فەرزکراوە و بۆتەبەشێك لە کولتووری کوردیش و کارێکی زۆر خراپ و سەلبی لە سەرکۆمەڵگە داناوە کەتێیدا ژن بۆتە کۆیلەو قوربانی ئەم کولتوورە ناشیاوو ناشارستانییە.

ئەم کولتوورە، بەدرێژایی مێژوو، تەنانەت لەم چەند ساڵانەی دواییدا، کاردانەوە و ڕەنگدانەوەیەکی زۆر سەلبی لەسەر ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانداناوەو کۆمەڵگای تووشی قەیران و نەخۆشی کردووە. هەرچەند وا پێویست دەکات ڕەوتی کۆمەڵ لەگەڵ رەوڕەوەی ژیاندا بگۆڕێت و بەرەو پێش بچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دیاردە دزێوەنەتەنیا بنەبڕ نەکراوە، بەڵکەرۆژ بەڕۆژیش لەزیاد بوون و پەرەسەندندایە. هەڵبەت دەبوو بەپێچەوانەبێت، بەتایبەت دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییەی بهپێی تەکنەلۆجیاو شۆڕشی پێشکەوتن لەڕووکارەکانی ژیاندا ڕوویداوە، هەروەها بڵاو بوونەوەی خوێندواری و رۆشنبیری و دونیای عەولەمەو زانستوگۆڕینی عەقڵ و فیکری مرۆڤەکان و ئەووەرچەرخانە گەورەیەی کە جیهان بەخۆیەوە بینیوە، دەبوایەکۆمەڵگەی کوردەواریش، لە ژێر کارتێکەریی دونیایەکی وەك ئەمڕۆی پێشکەوتنخوازدا تازەگەری و نوێکاریی پێوەدیار بایەو، بەپێی رەوشی نوێی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیای سەردەم لەگەڵ مرۆڤەکان و بەتایبەت لەگەڵ ژندا، مامەڵە و هەڵسوکەوت کرابایە، تا ژنیش وەك مرۆڤێکی خاوەنماف ئەرکی کاریگەر و ڕۆڵی بەرچاوی خۆی بینیبایە. بێگومان، دروست کردنی خێزان و پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی کارێکی زۆر گەورەو پیرۆز ولەهەمان کاتدا واقعێکی سروشتی و سەپێنراوە، چون بەبێدروست کردنی خێزان رەوڕەوەی ژیانی کۆمەڵ دەوەستێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کەکچان و ژنانی کورد لەسەدا چەندی بەدڵخوزاز و ئارەزوویخۆیانهاوسەریداهاتوویانهەڵدەبژێرن؟

ئەرکی هاوسەرێتی لەپێشدا پێویستی بەبیرکردنەوەیەکی قووڵی فیکریو درێژخایەنەوە هەیە، تاوەکوو هەم ئەنجامێکی باشی بۆ خودی خێزانەکە هەبێت و هەم ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی ئیجابیش لەسەر کۆمەڵگا دابنێت. چون خێزان بەردی بناغەی دروستبوونی کۆمەڵگایە. کەواتە بۆ

پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرێتی چەند خاڵ و پراکتیکێك هەن پێویستە ڕەچاوبکرێن، وەك: (خۆشەویستی، متمانە، ڕاستی، تەکافوئی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، تەمەن، باری ئابووری..)، ئەمانەو گەلێك شتی دیکەی شیاو پێویستەلەبەرچاوبگیرێن و ئامازەیان پێبدرێت و بکرێنە بناغە بۆ دروستکردنیخێزان.

بۆ نموونە: بوونی پردێکی قایم و بەهێز لە هاوکاری و متمانە و باوەڕ لە نێوان هەریەك لە ژن و پیاو (دایك و باوك) ڕەنگدانەوەیەکی ئیجابی زۆر گەورەی دەبێت لەسەر دەروونی منداڵ و پەروەردەکردنی. چون منداڵ لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنیدا پێویستی بە هاوکاری و ڕێنمایی هەیەو خێزان قوتابخانەی یەکەمی مناڵە بۆ پەروەردە و فێرکردن و بارهێنان. هەر ئەو متمانە و هاوکارییە هۆکارێکی بەهێزو گرینگەبۆ دروست بوونی متمانە و بەرابەری لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێدا و، هەر خێزانیش زۆر بێئاگایانە ڕۆڵی خۆی هەیە لە دروستکردنی جیاوازی رەگەزایەتی و دروست بوونی زمانێکی جینسگەریی لە کۆمەڵدا.

ئەوەی شیاوی باسە و لای هەمووان زۆر دیارە ئەو جیاوازییە بەرچاوەیە کە خێزان لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدا دەیکات. واتە فەرق و جیاوازی لە خۆشەویستی، بایەخدان و ئازادی و زۆر لایەنی دیکە لەپەروەردەکردنی منداڵدا. بەمانایەکی ئاشکراتر خێزان زیاتر بایەخ بەکوڕ دەدات و ئەمەش کارێکی ناشیاو و ناشارستانی یە و، دەرئەنجام ڕەنگدانەوەو کاریگەریی سەلبی لە ناو خێزان و کۆمەڵدا دروست دەکات. ئەوە هەستێکی تایبەتیی نامۆ بەمناڵ لە ناخیدا دەچێنێت کە بە درێژایی قۆناغەکای ژیانی لە دەروونیدا گەشە دەکات و هەمیشە پرسیارێکی بێوەڵام لە فیکریدا بەرجەستەدەبێت: (بۆ)؟ وەئەو نابەرابەری و فەرق و جیاوازییەلەنێوان ئەو دوو رەگەزەدا، دەرئەنجام زۆر بە ڕاشکاوی کار لەمامەڵە و متمانە و خۆشەویستی و ڕێزو ڕەوتی کۆمەڵ دەکات و، نابەرابەری و زوڵم و زۆریی کۆمەڵ لەئاست ژن و لە ژوور هەموویانەوە (پیاوسالاریی) بەرجەستەدەکاتەوە. کەواتە پابەندبوونی خێزان بەم کولتوور و دابونەریتەچەوتە، خۆی لەخۆیدا فاکتۆرێکەبۆ دروست بوونی جیاوازی نێوان ژن و پیاو، کە پیاو ئەم جیاوازییە وەک نەخۆشییەکی چارەنەکراو لای خۆی زەق دەکاتەوە و، ژن ئازار و ژانەکانی هەڵدەگرێت. بێگومان کۆمەڵگەی کورد وەک کۆمەڵگەیەکی پاتریکاڵی جینسگەریی، بەدرێژایی رۆژگارەکان پابەندبووە بە بیری تەسکی عەشایەرگەری و پیاومەزنییەوەو، هەر ئەو هۆکارانەشن بوونەتە هۆی دروست بوونی ئەو قەیرانە گەورەیەی دژ بەژن کەبە درێژایی مێژوو ئاراستەی کراوەو مافەکانی ژێر پێ خراوە و، هەرچی زوڵمەدەرهەق بە ژن ئەنجام دراوە. یەکێ لەو زۆڵمە گەورانەی کە تاوەکو ئێستا لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەر ماوە و بگرە ساڵ بە ساڵ زیاد دەکات کوشتنی ژنە. ئەم دیاردەیە وەك کولتوور و دابونەریتێکی تایبەت بە کۆمەڵگا بە نێوی (قەتڵی ناموسی) پەیڕەو دەکرێت. ساڵیدەیان ژن دەکوژرێن، بێ ئەوەی کۆمەڵ هەوڵێکی جیددی بدات بۆ مەحکووم کردنی ئەو زوڵم و تاوانە. لە ڕاستیدا ئەمە جگە لە بەربەرێتی و نیزامی وەحشیگەری هیچ یاساو ئایینێك، بەشیاو و ئاسایی دانانێت کەمرۆڤ حوکمی کۆتایی هێنان بە ژیانی مرۆڤێکی دیکە بدات.

دیاردەیەکی دیکەکەلەئەنجامی جۆرەها سانسۆری کۆمەڵگا لەسەر ژن و نائومێدبوون و هەرەس هێنان و ئالۆزیی دەروونییەوە بەزقی خۆی دەرخستووە، دیاردەی خۆسووتاندنی ژنانە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا زۆر ڕوو لەزیاد بوونە و بۆتە دیاردەیەکی ترسناك و خەمناك. دیارەئەوەش، هەر لەئاکامی ئەو قەیران و زوڵم و سانسۆرەی کۆمەڵگایەکەکچان و ژنان لەسۆنگەیەوەخۆیان دەسووتێنن و جەستەی خۆیان دەکەنە قوربانی سیستمی پیاو سالاریی و، پێیان وایە بەکۆتایی هێنان بەژیانیان کۆتایی بە زوڵم و زۆریی کۆمەڵ دێنن. بەپێچەوانەوە ئەم دیاردە ترسناك و دزێوە زەمینە بۆ دروست بوون و زیاد بوونی جۆرەها دیاردەی ترخۆش دەکات، وێڕای ئەوەش پیاو هەرگیز خەمهەڵگری ئەو جۆرە مردنانە نییە. ئەو کە بەزیندوویی قەدرو قودسیەتی ژن نەزانێت، بە مردوویی چی بە یادەوەرییەکانی بکات کە خۆی بووبێتەهۆی دروست بوونی دیاردەیەك کەژن لەتاو قەیران و زوڵمی پیاو ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات؟!

ئەو کێشمەو کێشانەی رووبەڕووی ژن دەبنەوە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا زۆرن و، رۆژانە گەلێك هەواڵی گرتن یا فراندنی ژنان لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا دەبیسترێن، کەکۆمەڵگا زۆر خەمساردانە خۆ لەو ڕووداوانە گێل دەکات. بەداخەوە هیچ کام لە لایەن و رێکخراو و ئەدیب و رۆشنبیران و یاساناسانیش هەوڵێکی ئەوتۆی جیددی بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردانە نادەن وداکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی ژن ناکەن کە ژن دەبێتە بەشێك لەخێزانی ئەوان، ژن دەبێتەدایك و خوشك و هاوسەر و کچی ئەوان.. وەدەستدرێژی کردن لە تەنها ژنێك دەستدرێژی کردنە لەتەواوی ژنانی کۆمەڵ، چون تاك کۆمەڵ دروست دەکات.

هۆکارەکانی خۆ کوشتن یان خۆسووتاندنی ژنان لەکۆمەڵگادا زۆرن و دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕبکرێنەوە:

1/ پابەندبوونی کۆمەڵ بە بیر و ڕەوتی تەسك و کۆنی کۆمەڵگەوە،
2/ نەبوونی پردێك لە متمانە و خۆشەویستی لە نێوان خێزان و لەناو کۆمەڵدا،
3/ کەمی و نزمی ئاستی ڕۆشنبیریی،
4/ نەخوێندەواریی،
5/ بێکاری و هەژاریی،
6/ بەزۆر بەمێردانی کچان،
7/ دیاردەی فرەژنی و ژن بە ژنە،
8/ گوێ نەدان بە ئارەزوو و هەست و سەربەستی و مافەکانی ژن،
9/ تەماشاکردنی ژن وەك ئامێرێك یا وەسیلەیەك بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی پیاو،
10/ نەبوونی ئازادی فیکری، سیاسی، کولتووری و ئەدەبی،
11/ ڕێنەدان بەدەربڕینی ویست و خوازەکان و بەندکردنی بەهرەکانی ژن،
12/ پابەندبوون بە فیکری عەشایەرگەرییەوە،

13/ پیاوەزنی یا باوکسالاریی وەک گەورەترین لەمپەری پێشکەوتن، لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا وەها لەعەقڵی پیاودا چەکەرەی کردووە، کەبۆتە میکرۆبێکی کۆشندە لە دەروونی کەسانی لاواز لەبەردەم خواست و ئارەزووەکانی کۆمەڵدا.

سەرەڕای ئەم هەموو کێشانەی لە بەردەم ژناندا هەن، تاوەکو ئێستا ژن لە هەندێ خێزاندا بە شێوازێکی زۆر جیاواز هەڵسوکەوتی دەگەڵ دەکرێت، بۆ نموونە کۆڕی دانیشتنی ژنان و پیاوان جیا کراونەتەوەو، ژن بۆی نییە لە دانیشتن و گفتوگۆ و کیشەکانی پیاودا بەشدار بێت. تەنانەت کۆڕی نان خواردنیان جیا کراوەتەوە! ژن جێگەی چێشتخانە و دەرەوەیە و پیاوانیش دیوەخان! لە هەندێك بۆنەو موناسەبە و کۆبونەوەی وەك شایی و پرسە، ژن بەجیا و پیاو بەجیا کۆدەبنەوە! ژنان بۆیان نییە بەشداری ئەو مەراسیمەبکەن وەك شایی کردن یا تێکەڵ بوون بە پیاوان یان لە هەندێ کۆڕی تایبەتدا ژنان پێکەوەو پیاوان پێکەوە لە ڕیزدا دادەنیشن وەك دوو بوونەوەر یان دوو کۆمەڵی جیاواز لەیەك بن و پێکەوە لە ناو یەك خێزاندا گوزەران نەکەن!!

جا کە ئەم هەموو دیاردە دزێو و ناشارستانییانەهەبن لەکۆمەڵدا، بێگومان قەیرانی دەروونی و ئالۆزیی فیکری لە ژندا دروست دەکەن، دەرئەنجام توانای بڕیاردان و کاردانەوەی لاوازدەبێت و لە لاوازترین خاڵدا دەگاتە بڕیاری خۆکوشتن و جەستەی خۆیان دەکەنە خۆڵەمێش و، شان و ملی پیاوسالاریی پێ گوڵاوپڕژێن دەکەن!

دیارەبۆ نەهێشتنی ئەو دیاردانە و مەحکووم کردنی چەوساندنەوەی ژن و زوڵم و قەیرانی داسەپێنراو بەسەر ژندا، پێویستە کاری جیدی بکرێت لە لایەن میدیا و دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و ئەدیب و رۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ریێکخراوانی تایبەت بە ژنان لەپێناو هێنانەدی ئاوات و ئامانجەکانی ژن. دامودەزگاکانی ئیداری و دەوڵەتیش دەبێ سیاسەتی خۆیان لەپێناو ماف و ئازادییەکانی ژن بەیان بکەن و، گیانی ژن لەکوشتن و ڕفاندن و خۆسووتاندن نەجات بدەن، هەروەها هەنگاوی ئیجابی بنێن بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی ژن لە بواری یەکسانی و بەرابەری لەگەڵ پیاودا و، ئیدانەی هەموو کارێکی ناهەق و زوڵمێك بکەن لەڕێی دانانی یاسای تایبەت بە مافەکان و بەتایبەت دژ بەو دیاردانەی کە دەبنە کێشەلەبەردەم ژنانەوە.